# ڕۆڵی دەرگاوان لە داڕشتنی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکاندا، ڕۆژنامەوانانی دەزگای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان بەنمونە

**ID No. 934**

(PP 157 - 179)

**https://doi.org/10.21271/zjhs.27.SpA.10**

**کەژاڵ محمد قادر**
بەشی ڕاگەیاندن – فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی
Kezhalmhamad@gmail.com

**پ.ی.د. پاڤێ جەمیل ئەحمەد**
بەشی ڕاگەیاندن – فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی
pave.ahmad@univsul.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2023/02/06**

**پەسندکردن : 2023/02/19**

**بڵاوکردنەوە : 2023/10/15**

**پوختەی**

توێژەر هەستاوە بە ئەنجام دانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەرگاوان لە داڕشتنی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکاندا)، وکێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە چەند پرسیارێکی سەرەکی گرنگترینیان بریتیە لەوەی (ئایا دەرگاوان ڕۆڵی هەبووە لەداڕشتنەوەی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکان لەنێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەکاندا؟، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لەکۆمەڵێك ئامانجی گرنگ کە لەکێشەی توێژینەوەکەوە سەرچاوەی گرتووە وگرنگترینیان بریتیە لە (زانینی ڕۆڵی دەرگاوان لەداڕشتنەوەی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکان لەنێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەکاندا)، ئەم توێژینەوەیە چەند گرنگیەکی بۆ ڕۆژنامەوانان و خوێندنی ئەکادیمی هەیە گرنگترینیان بریتیە لە (ئاشنابونی ڕۆژنامەوانان  بە کۆمەڵێك بنەما و ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی ڕێکخستن و پرفرۆشکردنی ڕۆژنامەکان لە هەرێمی کوردستان ، ئەمەش هەمووی لەپێناو ئەوەدایە  کاری ڕۆژنامەوانی بە کردە ببێت بە دەسەڵاتی چوارەم.

هەروەها کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە ڕۆژنامەوانانی دەزگا ڕۆژنامەوانیە چاپکراوە حزبی و ئەهلی و ئازادەکان لە هەرێمێ کوردستان، و بەشێوەی نمونەی مەبەستدار توێژەر وەریگرتون، و ئەویش بە هۆی کەمی دەزگا ڕۆژنامەوانیە چاپکراوە کانەوەیە، کوردستانی نوێ و خەبات وەك دوو دەزگایی ڕۆژنامەوانی حزبی چاپکراو ژمارەی ڕۆژنامەوانەکانی بریتیە لە (87) ڕۆژنامەوان، دەزگای ڕۆژنامەوانی ئەهلی و ئازادەکان بریتین لە دەزگای ڕۆژنامەوانی (هاوڵاتی، ئاوێنە، هەولێر، ستاندەر، ئەڤرۆ)، ژمارەی ڕۆژنامەوانەکانیان بریتین لە (54)  ڕۆژنامەوان، بەو شێوەیە کۆی گشتی  ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە (141) ڕۆژنامەوان.

توێژەر لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفی بەکار هێناوە، لەبەر ئەوەی ئەو میتۆدو ڕێبازە گونجاوترینە بۆ هێنانە دی ئامانجی توێژینەوەکە، هەروەها ئامرازی توێژینەوەکە بریتیە لە (چاوپێکەوتنی کەسی) لەگەڵ کەسێك کە پەیوەندیدارە بە کێشەی توێژینەوەکەوە، توێژەر کۆمەڵێك داتاو زانیاری لەڕێگەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسە ئەنجام  داوە بە ئامانجی دەست خستنی داتاو زانیاری کە خزمەت بە ئامانجی توێژینەوەکە دەکات، هەروەها فۆرمی ڕاپرسی ئامرازێکی دیکەی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری توێژینەوەکەیە، جۆری فۆرمەکە بریتیە لە (فۆرمی ڕاپرسی داخراو نیمچە کراوە) .

**کلیلە وشەییەکان:** ڕۆڵ، دەرگاوان، ڕۆژنامەوانان، دەزگای ڕۆژنامەوانی، هەرێمی کوردستان

## پێشەکی

ڕۆژنامە جۆرێکە لە جۆرەکانی  ڕاگەیاندن و کەنالێکە بۆ دەربڕینی بیرو بۆچون و گەیاندنی زانیاری جۆارو جۆر لەسەر ڕوداو و بەسەرهاتەکان کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن بە شێوەیەکی واقعیانەو ڕاستگۆیانەو بابەتیانە بە جەماوەر، ئەو کەسەی ئەرکی کۆکردنەوەو داڕشتنەوە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری گرتۆتە ئەستۆ پێ دەگوترێت ڕۆژنامەوان، و لەکاتی بەجێ گەیاندنی ئەو ئەرکە چەندین کۆسپ و ڕێگری دێتە بەردەمیان وەك دەرگەوانیك ڕۆڵ دەبینێت لە ژیانی پیشەییەیاندا ، بۆ ئەو مەبەستە تۆێژەر هەستاوە بە ئەنجام دانی توێژینەوەیەك بۆ زانینی ڕۆڵی دەرگاوان لە کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانیدا بە تایبەت ڕۆژنامەوانانی کورد لەدەزگا ڕۆژنامەوانیەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر توێژینەوەیەکی ئەنجام داوە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەرگاوان لە داڕشتنی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکاندا) لەسەر ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کورددستان وەك نمونەی توێژینەوەکە،

بۆ ئەو مەبەستە تۆێژەر ڕۆژنامەوانانی دەزگای ڕۆژنامەوانی حزبی وەك (کوردستانی نوێ، خەبات)، وهەروەها ڕۆژنامەوانانی دەزگای ڕۆژنامەوانانی ئەهلی و ئازاد (هاوڵاتی، هەولێر، ئاوێنە، ستاندەر، ئەڤرۆ) وەك کومەڵگەو نمونەی توێژینەوەکەی وەرگرتوە، ئەم توێژینەوەیە کراوە بە (4) بەشی سەرەکییەوە، بەشی یەکەم پێك هاتوە لە (چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە) و (2) باسی

سەرەكی، (باسی یەكەم ڕەهەندەكانی توێژینەوەكە)، یەكەم (كێشەی توێژینەوەكە) دووەم (ئامانجی توێژینەوەكە) سێهەم (بایەخی توێژینەوەكە)، چوارەم (توێژینەوەكانی پێشوو) پێنجەم ( ناساندنی دەستەواژەكانی ناو توێژینەوەكە )، شەشەم (گفتوگۆی توێژینەوەكانی پێشوو)، باسی دووەم تێۆری پەیوەندی دار بە توێژینەوەكەوە .

بەشی دووەم پێكهاتوە لە (2) باس، باسی یەكەم (ڕۆڵ و چەمكی دەرگاوان)، باسی دووەم مۆدیلەكانی كۆمنیوكەیشن (النماذج الإتصالية)، بەشی سێهەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەكەیە، پێكهاتووە لە (2) باس، باسی یەكەم (ڕێكارە مەیدانیەكانی توێژینەوەكە)، باسی دووەم (شیكاری خشتەكان)، (دەرئەنجامی توێژینەوەكە)، (ڕاسپاردە)، (لیستی سەرچاوەكان)، (پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی).

## 1- چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

**یەكەم: كێشەی توێژینەوەكە:** گرنگترین هەنگاوی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، دیاریكردنو هەڵبژاردنی كێشەیە، چونكە پرۆسەی دۆزینەوە و ڕادەی پەیبردنی توێژەرە بە گرنگی ئەو بابەتە دەبێتە پاڵنەری ئەنجامدانی توێژینەوەكەو بەبێ ئەو هەنگاوەش، توێژینەوەیەكی دروستو كامڵ، بەرهەمناهێنرێت.

هەروەها گواستنەوەو گۆڕینی بابەتێكی گشتییە بۆ پرسیار یان بۆ كێشەیەك كە شیاوی توێژینەوە بێت. سەرباری ئەوەی دیاریكردنی كێشە، زۆر لایەنی دیكەی توێژینەوەكە دیاریدەكات، وەك جۆری توێژینەوە، میتۆد و پلانی توێژینەوەكە و ئامرازەكانی و تادەگاتە جۆری ئەو داتاو زانیاریانەی پێویستە لەسەر توێژەر بەدەستیانبهێنێت .

هەڵبژاردنی بابەتی ئەم توێژینەوەیەش، لە هەستكردنە بە كێشەیەك سەرچاوەی گرتووە كە لە هەرێمی كوردستاندا بوونی هەیە، ئەویش بەهۆی ناڕوونی پەیوەندی نێوان دەرگاوان و ڕۆژنامەوانان بۆ ئەو مەبەستە تۆێژەرتۆێژینەوەیەكی ئەنجام داوە بە ناونیشانی (ڕۆڵی دەرگاوان لە داڕشتنەوەی ناوەڕۆكە ڕۆژنامەوانیەكان، ڕۆژنامەوانانی هەرێمی كوردستان بە نمونە)، لەم تۆێژینەوەیەدا چەند پرسیاریكی سەرەكی ولاوەكی خراونەتە ڕوو ئەوانیش بریتین لە : -

یەكەم : كاریگەری سیاسەتی دامەزراوەی میدیایی لەم توێژینەوەیەو بەتایبەتی لەسەر دەرگاوانی ڕۆژنامەوانان.

1-ئایا دەرگاوان ڕۆڵی هەبووە لە داڕشتنەوەی ناوەڕۆكە ڕۆژنامەوانیەكان لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەكاندا؟.

2-ئایا ڕۆژنامەوانان (نمونەی توێژینەوەكە) بابەتەكانیان بە چ پێوەرێك پێواوە؟ پێوەری خودی، پێوەری ئێتیكی، پێوەری یاسایی، پێوەری حیزبی و سیاسی و پێوەری ئازادی؟.

3-ئایا ئەو پێوەرانە چ ڕۆڵێكی بینیوە وەك دەرگاوان؟.

4-دەرگاوان چ ڕۆڵێكی بینیوە لەبەردەم بڵاونەبوونەوەو بڵاوبوونەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانیەكانیان لەلایەن سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نوسین و ڕۆژنامەوانەكانەوە؟

5-ئایا سیستمی كارگێڕی دەزگا ڕۆژنامەوانیەكان ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە لەسەر كاری پیشەیی ڕۆژنامەوانان؟.

6-ئایا ڕێنمایی ویاسا كارگێڕیەكانی دەزگا ڕۆژنامەوانیەكان وەك دەرگاوانیك ڕۆڵی هەبووە لە**سەر** كاری ڕۆژنامەوانان؟.

7-ئایا كەشی كاركردنی ڕۆژنامەوانان لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەكان ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە لەكاری پیشەیی ڕۆژنامەوانان؟.

8-ئایا ئاژانسەكانی هەواڵ كەدەزگا ڕۆژنامەوانیەكان وەك سەرچاوەی هەواڵ پشتی پێ دەبەستن ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە لە دیاركردنی هەواڵ و ئاڕاستەكردنیدا؟.

9-ئایا شێوازی كاركردنی ڕۆژنامەوانان لەڕووی كاتی كاركردنەوە ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە لەكاری پیشەی ڕۆژنامەوانان؟.

10تا چەند دەرگاوان گونجاوە لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانەی كاری تێدا دەكات؟.

11-ئایا دەرگاوان پەیڕەوی سیاسەتی دەزگا ڕۆژنامەوانیەكە دەكات؟.

**دووەم: ئامانجی توێژینەوەكە**: هەموو توێژینەوەیەكی زانستی چەند ئامانجێكی تایبەتی خۆی هەیە ، توێژەر هەوڵی هێنانەدییان دەدات، ئیتر ئەو هەوڵە كۆكردنەوەی زانیاری، یان چارەسەری كێشەگەلێكو گەیشتن بە راستیو زانیاری نوێ، یاخود گۆڕینو هەمواركردنی هەڵویستێك بێت. وێڕای ئەوەی، ئامانجی توێژینەوەكە، ڕەنگدانەوەی ڕادەی ئەو خستنەسەرەیە كە توێژەر

بۆ چارەسەری زانستی سەلمێنراو بۆ کێشەی توێژینەوەکە دەیخاتەڕو. بەوپێیەش، ئامانجەکەی ئەوەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بەشداری بکات لە چارەسەرکردنیدا .

لەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا، توێژەر، چەند ئامانجێکی هەیە.:-

یەکەم: کاریگەری سیاسەتی دامەزراوەی میدیایی لەسەر دەرگاوانی ڕۆژنامەوان.

1-زانینی ڕۆڵی دەرگاوان لە داڕشتنەوەی ناوەڕۆکە ڕۆژنامەوانیەکان لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەکاندا.

2- تێگەیشتن لە ڕۆژنامەوانان بابەتەکانیان بە چ پێوەرێك پێواوە، پێوەری خودی، پێوەری تایبەت بە دەزگا میدیاییەکان، پێوەری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی ، پێوەری ئێتیکی، پێوەری یاسایی، پێوەری حیزبی و سیاسی، پێوەری ئازادی.

3- تێگەیشتن لە ڕۆڵ بینینی ئەو پێوەرانە وەك دەرگاوان.

4-تێگەیشتن لە ڕۆڵ بینینی دەرگاوان لەبەردەم بڵاونەبوونەوەو بڵاوبوونەوەی بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانیان لەلایەن سەرنووسەر و بەڕێوەبەری نوسین و ڕۆژنامەوانەکانەوە.

5-تێگەیشتن لە سیستمی کارگێڕی دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان و ڕۆڵ بینینی وەك دەرگاوان لەسەر کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانان.

6-تێگەیشتن لە ڕێنمایی ویاسا کارگێڕیەکانی دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان و ڕۆڵ بینینی وەك دەرگاوان لەسەر بواری کاری ڕۆژنامەوانان

7-زانینی کەشی کارکردنی ڕۆژنامەوانان لە نێو دەزگا ڕۆژنامەوانیەکان و ڕۆڵ بینینی وەك دەرگاوان لەسەر کاری پیشەیی ڕۆژنامەوانان.

8-تێگەیشتن لە ئاژانسەکانی هەواڵ کەدەزگا ڕۆژنامەوانیەکان وەك سەرچاوەی هەواڵ پشتی پێ دەبەستن، و ڕۆڵ بینینی وەك دەرگاوان لە دیارکردنی هەواڵ و ئاڕاستەکردنیدا .

9-تێگەیشتن لە شێوازی کارکردنی ڕۆژنامەوانان لەڕووی کاتی کارکردنەوە و ڕۆڵ بینینی وەك دەرگاوان لەسەر کاری پیشەی ڕۆژنامەوانان.

10تێگەیشتن لە گونجاندنی دەرگاوان لەگەڵ سیاسەتی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیەی کاری تێدا دەکات.

11-تێگەیشتن لە دەرگاروان لە پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەزگا ڕۆژنامەوانیەکە .

**سێیەم: بایەخی توێژینەوەکە:** بایەخی توێژینەوە، بەیەکێك لە گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی دادەنرێت،وبەهۆیەوە وردەکاریی بایەخو گرنگی توێژینەوەکە بەبەڵگەوەو بەشێوەیەکی ڕوونو بابەتی باسکردووە کە ئەوانیش بریتین لەم چەند خاڵەی خوارەوە:-

1- ئەم توێژینەوەیە، بۆ ڕۆژنامەوانانی هەرێمی کوردستان گرنگ‌و پڕ بایەخە لە ئاشنابونیان بە کۆمەڵێك بنەما و ئەو یاسایانەی کە دەبنە هۆی ڕێکخستن و پرفرۆشکردنی ڕۆژنامەکان لە هەرێمی کوردستان . ئەمەش هەمووی لەپێناو ئەوەدایە کاری ڕۆژنامەوانی بە کردە ببێت.
2- ئەم توێژینەوەیە، بە زمانی کوردی دەنوسرێت و بایەخی دەبێت بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی، بەتایبەت لە بواری میدیادا کە لەو ڕووەوە کەموکوڕی هەیەو ڕۆژنامەوانانو توێژەرانو وخوێندکارانی بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆو پەیمانگاکان دەتوانن سودی لێوەربگرن.
3- کەمی توێژینەوەی ئەکادیمی دەربارەی دەرگاوانی ڕۆژنامە و گۆڤار لە کوردستاندا ئەمەش وای لە توێژەر کرد توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بنووسێت.
4- کەم کردنەوەی ڕۆڵی خراپی دەرگاوان لەکاری پیشەیی ڕۆژنامەوان لە پێناو بەرەو پێش بردنی پرۆسەی ڕۆژنامەگەری کە مینبەرێکی ئازادی ڕا دەر بڕینە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا.

**چوارم: توێژینەوەکانی پێشوو**

**1- توێژینەوەی خیرە مکرتار (2017) ،** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (ڕۆڵی دەرگاوان لە ماڵپەڕە هەواڵییەکانی جەزائیردا) کە لە زانکۆی عبدالحمید بن بادیس - مستغانم لە کۆلیجی زانستی کۆمەڵناسی ، بەشی زانستی مرۆیی پۆلی زانستی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن، ئەنجام دراوە وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بە دەست هێنانی بڕوانامەی دکتوراە ،ئامانجی

توێژینەوەکەی بریتیە لە زانینی پەیوەندی دەرگاوانی پێگە ئەلکترۆنیەکان بە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانییەوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە ڕۆژنامەوانانی پێگەی هەواڵی ئەلکترونی (الوطن، الشروق، الجمهوریە، النهار اونلاین) لە جەزائر، ژمارەیان (1000) ڕۆژنامەوان بووە بە نمونەی مەبەستدار توێژەر هەڵیبژاردووە، نمونەی توێژینەوەکەی بە شێوەی نمونەی مەبەستدار (عینە القصدیە) ڕۆژنامەوانانی ئەو پێگانە کە ژمارەیان (200) ڕۆژنامەوانە وەرگرتوە، جۆری توێژینەوەکەی وەسفیە وڕێبازی توێژینەوەکەی ڕووپێوی تایبەتە، سنوری توێژینەوەکەی بریتیە لە ڕۆژنامەوانانی چەند پێگەیەکی هەواڵی ئەلکترۆنی، وئامرازی توێژینەوەکەی بریتیە لە چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی، و بۆ کەرەسە ئاماریەکەی توێژەر (الفا کرونباخ)ی بەکار هێناوە و بەم ئەنجامە گەیشتووە، پەیوەندی هەیە لە نێوان دەرگاوانی پێگە ئەلکترۆنیە کان بە ئیتکی کاری ڕۆژنامەوانیەوە چونکە ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن زوربەیان پسپۆری بواری ڕاگەیاندنن وە هیچ ناوەڕۆکێکی هەواڵی نێپەڕ نابێ تاوەکو ڕۆژنامەوانی دەرگاوان لێی دڵنیا نەبێتەوە لە هەموو ڕوویەکەوە ، وبە تایبەت لە ڕووی ئیتیکی ڕۆژنامەوانیەوە، کەواتە ئیتیکی ڕۆژنامەوانی ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە و ڕۆڵەکەش ئەرێنی بووە.

**2- توێژینەوەی: علاءالدین صلاح یوسف عید (2016) ،** ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (هۆکارە کاریگەرییان لەسەر ئەدای پیشەیی نێرەر لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکانی هەواڵی فەلەستین هەیە)، کە لە زانکۆی ئیسلامی لە غەزە لە کۆلێژی ئاداب بەشی ڕاگەیاندن ئەنجام دراوە ، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر ، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتیە لە تێگەیشتن لە کاریگەری دابونەریت لەسەر کاری نێرەر (القائم بالإتصال) لە پێگە هەواڵیەکاندا، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە ڕۆژنامەوانانی پێگەی هەواڵی ئەلکترونی فەلەستینی لە کەرتی غەزە کە ژمارەیان (109) ڕۆژنامەوان بووە و توێژەر بە نمونەی مەبەستدار وەریگرتون، نمونەی توێزینەوەکەی توێژەر بە شێوەی کۆگیر (الحصر الشامل) هەموو ڕۆژنامەوانانی ئەو پێگەیەی وەرگرتووە، میتۆدو ڕێبازی توێژینەوەکەی میتۆدی وەسفی ڕێبازی ڕووپێووی تایبەتی بەکار هێناوە، هەروەها سنوری توێژینەوەکەی بریتیەلە ڕۆژنامەوانانی پێگەی هەواڵی فەلەستین لە وڵاتی فەلەستین لە شاری غەزە، و ئامرازی توێژینەوەکەی بریتیە لە چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی و ، بۆ کەرەسەی ئاماری توێژەر (الفا کرونباخ)ی بەکارهێناوە و بەم ئەنجامە گەیشتوە، دابونەریت وەك بەربەستێك وابووە لەبەردەم بڵاوکردنەوەی هەندێك پەیام لەلایەن ڕۆژنامەوانەکانەوە، بە تایبەت ئەو پەیامانەی تایبەتە بە مەسەلەی شەرف و ناموس و مەسەلەسێکسێکان و ئەو کێشانەی تایبەتن بە خێزانە گەورەو ناودارەکان ، بە پێی ئەو ئەنجامە ی توێژەر پێگەیشتوە دابونەریتی کۆمەڵگە بەڕێژەی زۆر ڕۆڵی دەرگاوانی بینیوە وە ڕۆڵەکەش ڕۆڵێکی نەرێنی بینیوە .

**3- تۆێژینەوەی ثائر محمد (2012) ،** ناونیشانی توێژینەوەکە (پاراستنی میدیا و پۆرتاڵی کارلێککاری ماڵپەڕە هەواڵییەکانی فەلەستین لە ئینتەرنێت)، لە کۆلێژی ڕاگەیاندن لە زانکۆی (الشرق الاوسط) لە ئوردن ئەنجام دراوە، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەست هێنانی بڕوانامەی ماستەر، ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە زانینی ڕۆڵی دەرگاوان لە پێگەی هەواڵی فەلەستینی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ئەم پێگەیە لەژێر کۆنترۆڵی ئەو دەرگاوانانەدایە، ولەسەر بنەمایی سیاسەتی پێگەکە بەڕێوەی دەبەن، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە ڕۆژنامەوانانی پێگەی هەواڵی فەلەستینی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت، توێژەر بەشێوەی مەبەستدار هەموو ڕۆژنامەوانانی ئەو پێگەیەی وەرگرتووە، توێژەر نمونەی تۆێژینەوەکەی کە ژمارەیان (201) ڕۆژنامەوانە بە نمونەی کۆگیر وەریگرتون،و میتۆدی و ڕێبازی توێژینەوەکەی بریتیە لە (میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی تایبەت)، کة هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیەیە، ئامرازی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی، و تۆیژەر بەم ئەنجامە گەیشتووە دەرگاوان ڕۆڵی چاودێر دەبینێت بەسەر کومێنتی سەردانی کەرانی پێگە هەواڵیەکە، لە پێناو دروستکردنی کارلێك لە نیوان پەیامەکانی پێگەکەو سەردانی کەرانیدا مانایی وایە دەرگاوان ڕۆڵی زۆری بینیوە لە نیوان پەیامەکانی پێگەکەو وەرگرەکانی .

**ناساندنی چەمەکانی ناو تۆێژینەوەکە**

1-ڕۆژنامەوان: برتیەلەوکەسەی تۆێژینەوە دەکات لەسەر ڕووداوەکان، و هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری تەواو لەسەریان، و نووسینەوەو دارشتنەوەی بەپێی قاڵبە هونەریە ڕۆژنامەوانیەکان بۆ دەکات، ودواتر ناردنی بۆ ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیادنی وەك ڕۆژنامە یان گۆڤار یان تەلەفزیون یان ڕادیۆ. (الوصف الوضیفی لصحفی، ووتار، ب، م )

2- هەرێمی کوردستان: هەرێمی کوردستان ئەو هەرێمەیە کەبەشیك پێکدێنێت لەسنووری دەوڵەتی عێراق، و لەچوارچێوەی کوردستانی گەورەدا، هەرێمی کوردستان یاخود باشووری کوردستان هەرێمێکی فیدراڵیە لە ناو دەوڵەتی عێراقدا، دانیشتوانەکەی 95% ی کوردن بە ڵام لە گەڵ ئەوەشدا جۆرەها کە مایەتی و مەزهەب و ئایینی تری تیدا دەژێت، لە باکوورە وە هاوسنورە لە گەڵ تورکیا و لە ڕۆژهەڵاتەوە ئیران (کوردستانی ئێران)، و لە ڕۆژئاواوە سوریا، و لە باشوریش بەشەکانی تری عێراقە ، دامە زراندنی ئەو هەرێمە دەگەڕێتە وە بۆحوکمی زاتی کە لە پاش چە ندین ساڵ لەشەڕو شۆڕشی گەلی کورد دژ بەحکومەتی عێراق ناچاربوو لە مارسی ساڵی 1970ڕێکەوتنامە لەگەڵ کوردا ئیمزابکات و حوکمی زاتییان پێبدا، و لە ڕاپەڕینی سالی1991دا کە گە لی کورد دژ بە حکومەتی بەعس ڕاپەرین خەڵکێکی زۆر ناچاربوون ئاوارەی ووڵاتانی ئێران وتورکیا بن، بەڵام دوای دامەزراندنی ناوچەی دژەفڕین لەباش جەنگی کە نداو، ناوچەکە ئارامبۆوە ئەمەش وای کرد دڵەڕاوکێی لەو ناوچەیە برەوێتەوە و ئاوارە کانیش بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، لە ساڵی 1992 حکومەتی هەرێم دامەزرا و ناوچەکە بە هەرێمی کوردستان ناسێنرا ولە دەستوری عێراقدا چەسپێنراوە . (جوگرافیایی هەرێمی کوردستان، ووتار، ب ،م ).

**باسی دووەم: تیۆری بەکارهاتووی توێژینەوە**

ئەو تێۆرەی پەیوەندی بەتۆیژینەوەکە هەیە بریتیە لە تێۆری دەرگاوانی ڕاگەیاندن:

بەرەو پێش چوون و گەشەکردنی تێۆری دەرگاوان دەگەڕێتەوە بۆ زانایی نەمساوی کیرت لیوین، بەرەچەڵەك نەمساویە و ڕەگەزنامەی ئەمریکیە.

توێژینەوەکەی کیرت لیوین باشترین توێژینەوەی میتۆدی بواری بنێرە (القائم بالإتصال) کیرت لیوین وای دەبینێت بەدرێژایی ئەو گەشتەی مادە میدیاییەکان دەیبڕێت، تاوەکو دەگاتە جەماوەر کۆمەڵێك خاڵی پشکنین (دەرگا) هەیە، کەلەم خاڵانەدا بڕیاری لەسەر دەدرێت چی تێپەڕیت وچی تێنەپەڕێت، هەتا ئەو قۆناغانەی هەواڵی پیا تێپەردەبێت تاوەکو نمایش دەکرێت لەیەکێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تاوەکو خاڵەکانی پشکنین زیاتر بێت ئەوا چاکسازی (تعدیلات) زیاتر دەبن، چونکە لەم خاڵانەدا دەرگاوانەکانی ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە گواستنەوەو تێپەڕبونی زانیارییەکان. (مکاوی و السید، 1998، 176)

ئەو قۆناغانەی هەواڵی پیا تێپەڕ دەبێت لە زنجیرەیەك دەچێت کە لە کۆمەڵێك ئەڵقەی پێکەوە بەستراو پێك دێت، لەناو هەر ئەڵقەیەکدا کەسێك هەیە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەیە لەوەی ئەو پەیامە میدیایەی کە پێی گەیشتووە هەمووی بڵاوبکرێتەوە یان بەشێکی یان هیچی بڵاو نەکرێتەوە، و یان ئەو پەیامە هەندێك گۆڕانکاری و چاکسازی تێدا بکرێت پێش ئەوەی بڵاوبکرێتەوە. (الحاج، 2020: 46)

**2- چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە**

**باسی یەکەم: ڕۆڵ و چەمکی دەرگاوان**

چەمك و پێناسەی ڕۆڵ

تێگەیشتن لە چەمکی ڕۆڵ وەك (ئەرك و تێگەیشتن)ی ئەم چەمکە کۆمەڵێك زانا هەستاون بە ناسینن و شیکردنەوەی، بەوەی لایەنێکی داینامیکیە بۆ پێگەی تاك، وا دەکات کە تاك پێویستە پابەند بێت پێیەوە. (أبو جادو، 2002، 19). سەبارەت بە جیاوازی تاکەکان لە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی داواکاریەکانی ڕۆڵێکی دیاریکراو لەم بارەیەوە ئاماژە دەدرێت بەوەی، کە ڕۆڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێگەیەی تاك تیایدا کاروبارەکانی پێگەی کۆمەڵایەتی جێبەجێدەکات، لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەی کە کاری تێدا دەکات، ڕۆڵەکان بە پێی داواکاری پێگە کۆمەڵایەتیەکان دەگێردرێن، بەو پێیەی تاکان جیاوازن لە گێرانی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان کە لەیەك پێگەی کۆمەڵایەتیدا کاردەکەن و پەیوەندی هەیە بە پێگەی کۆمەڵایەتییانەوە. (السید، 1997، 127)

(ڕۆڵ بریتیە لەو ڕەفتارەی کە لەو کەسە چاوەڕوان دەکرێت و هەموو ئەو کەسانەی شوێنی هاوشێوەیان هەیە بەیەك شێوە ڕۆڵەکانیان ناگێڕن، بەڵام لە کۆمەڵگایەك کە لەسەر جیاکاری هاوڕان وەك بوونی چینایەتی لە کۆمەڵگادا، جۆرێك لە هەماهەنگی لە بواری پێگەو ڕۆڵەکاندا هەیە . (الوقفي، 2003، 710)

ئەگەر لەڕووی ئەرکەوە ڕۆڵ بناسینین هەموو ئەو ڕەفتارو چالاکیانە دەگرێتەوە کە تاکەکان لە شوێن و پێگەی جیاوازی خۆیاندا جێبەجێی دەکەن، واتا هەر پێگەیەکی تایبەت ڕەفتارێکی چاوەڕوانکراو و ڕۆڵێکی پێشبینی کراوی لێوە بەرجەستە دەکرێت و جێبەجێ دەکرێت ئەمەش بە پێی خواست و داواکاریەکانی ئەو پێگەیەی کە هەیەتی ئەرکەکەشی دەگۆڕێت) (موحسنی، 2007، 249)

**چەمکی دەرگاوان**

پرۆسەی پەیوەندی جەماوەری لەلایەن دامەزراوە میدیایەکانەوە ئەنجام دەدرێت ئەم دامەزراوانە جا گەورە بن یان بچوك، فەلسەفەو ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە لە گەیاندنی پەیامە میدیاییەکاندا، ئەم دامەزراوانە لەسەر ڕێڕەوێکی سیاسی و ئابوری و هزری دیاریکراو کار دەکەن و پێوستە لە پەیامەکانیاندا ئەم ڕێڕەوە بەهەند وەربگرن و لەگەڵ فەلسەفەو ئامانج و بەرژەوەندیە ئابورییەکانی ئەو دامەزراوەیەدا بیگونجێنن، لەبەر ئەوە دەبینین ئازادی ڕەهای دەزگاکانی ڕاگەیاندن قورسە جێبەجێ بکرێت، لە پرۆسەی پەیوەندی کردنەکەدا پێویستە لایەنی نێرەر بەرژەوندی دەوڵەت و بەهاو دابونەیت و کلتوری کۆمەلگاو بەرژەوندی دامەزراوەکە و ئامانجەکانی بەهەند وەربگرێت و گوزراشتیان لێ بکات، جۆری دامەزراوە رۆژنامەوانییەکە هەرچونێك بێت لایەنی بنێر دەست نیشانی دەکات چی بڵاوبکرێتەوە وە چیش بڵاونەکرێتەوە، بە واتایی کاری دەرگاوان بەردەوامە هەتا پەیامەکان دەگاتە ئامرازێك لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن. (أبو أصبع، 2004، 26) .

**پێناسەی چەمکی دەرگاوان**

دەرگاوان بریتیە لەو کەسەی یان ئەوگروپەی یان ئەو ڕیکخراوەی کە بەشێوەیەکی فەرمی و ڕاستەخۆ پەیوەندیدارن بە پرۆسەی گواستنەوەی زانیارییەکان لە تاکێکەوە بۆ ئەوانی تر لە ڕێگەی بەکار هێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن. (بیتر 1987، 35)

هەروەها لای (الموسى) دەرگاوان بریتیە لە هەموو ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە کاردەکەن لە هەڵبژاردنی زانیارییەکان و کونترۆڵکردنی پەرینەوەی زانیارییەکان لەڕێگەی زنجیرە میدیاکە و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو پێش ئەوەی ڕێگە بدرێت بە دەرچونی زانیارییەکان لەسەر شیوە کۆتاییەکەی بۆ جەماوەر. (الموسى، 2003، 91) .

هەروەها پسپۆڕێکی دیکە پێی وابووە دەرگاوان بریتیە لەو کەسەی هەڵدەستێت بە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەرچاوە هەواڵیەکانەوە، هەندێك پێیوایە دەرگاوان ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیاری دەدەن بە رۆژنامەوانە پەیامنێرەکان، هەموو ئەم دەرگاوانانە کاریگەریان هەیە لەسەر درك و گرنگی پێدانی جەماوەر. (پێگەی مثال، ووتار، 2021)

**ئامانجی سەرەکی تێۆری دەرگاوان**

ئامانجی سەرەکی تێۆری دەرگاوان بریتیە لە زانینی ڕۆڵی فاکتەرە خودییەکان و بارودۆخ و ژینگەی کارکردن و کاریگەری پیشەیی و هونەری و مادیەکان لەسەر کاری سەرنوسەران لە هەڵبژاردنی هەواڵ و بڵاوکردنەوەی. (فتح الله، 2007، 64).

**ڕۆڵی دەرگاوان لە پرۆسەی پەیوندی کردندا .**

دەرگاوان لە ناو تۆڕی پەیوەندیەکاندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، دەرگاوان خۆی سەرچاوەی هەواڵە (حسين، 1984، 153) کونترۆڵی پرۆسەی پەیوەندیکردنەکە دەکات، و هەروەها کونترۆڵی شیوەو ناوەڕۆکی پەیامەمیدیاییەکان دەکات کە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە دەیگوازێتەوە بۆ جەماوەر. (المشقابە، 2015، 35)

ڕۆڵی دەرگاوان گرنگە لەهەڵبژاردن و دیاریکردنی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی دەگاتە جەماوەر، و دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیستمی کۆمەڵایەتی. (ابو العلا، 2014، 30).

دەتوانین ڕۆڵی دەرگاوان لە پرۆسەی پەیوەندیکردنی جەماوەریدا لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینەڕوو:

1- دەرگاوان لە توانایدا هەیە پەیامە میدیایەکان ڕەتبکاتەوە و نەهێڵی بگاتە جەماوەرو بە پێچەوانەشەوە. (الحضيف، 1998، 25-26)

2- دەرگاوان دەتوانێت گۆڕانکاری چاکسازی لە پەیامە میدیایەکاندا بکات هەندێ بەشی لێ لابەرێت.

3- دەرگاوانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن کاریگەری لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی دیکە بکەن . (أبو أصبع، 1998، 25)

**باسی دووەم: مۆدێلەکانی کۆمنیوکەیشن (النماذج الأتصالية)**

مودێلەکان (النماذج) بریتییە لە هەوڵدان بۆ پێشکەشکردنی ئەو پەیوەندیە شاراوەیەی بوونی خۆی دەسەپێنێت ، لە نێوان گۆڕاوەکاندا ڕووداوێك یان سیستمێکی دیاری کراودا شێوەی هێمایی دروست دەکات، مۆدێلەکان بریتیە لە ئامڕازی ڕۆشنبیری و یارمەتیمان دەدات لەتێگەیشتن لە هەر دیاردەیەك یاخود سیستمێك یاخود درککردن بە پەیوەندی نێوان ڕەگەزە سەرەکیەکانی ئەو دیاردەیە، ئەم مۆدیلانە چوارچێوەیەکمان دەداتێ لەناو ئەم چوار چێوەیەدا ناوەڕۆکێك هەیە دەتوانین پێی بڵێن کێشە، هەروەها ئەو کەلێنانانەمان بۆ دەردەخات لە زانینی (معرفە)ی ئێمەدا هەیە دەربارەی دیاردەکە. (الحاج، 2020 ، 23)

مۆدێلەکانی پرۆسەی کۆمنیوکەیشنی تایبەت بە دەرگاوان بریتین لەمانەی خوارەوە :

1- **مۆدێلی تۆبۆلۆجی (دەرگاوان) خاوەنەکەی (کیرت لیون)ە :** ئەم مۆدێلە ی ناوی تۆبۆلۆجییە بریتیە لە وێنەیەکی وردی شوێنەکان و تایبەتمەندییەکانیان بە شێوەیەکی ڕووکاری، بەشی زانستی جوگرافیاو ڕووپێوی بەکاری دەهێنن، زانای دەروناسی و کۆمەڵایەتی ئەم بیرۆکەیەی لە لا دروست بوو بە هۆی کەلەکەبونی زانیارییەوە پێیوابووە ئەم کەڵەکە بونە یەکسان و تەواو نیە، لە هەموو حاڵەتەکانە ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە (کیرت لوین) ناوی لێ ناون (دەرگاوانەکان)، و کەسانێك لەناو دامەزراوەکاندا دەستیان بەسەر ئەم دەرگایانەدا گرتووە و ڕۆڵی دەرگاوان دەبینن (حراس البوابة) بەواتایی ئەوکەسانەی ڕێگە دەدەن بە تێپەڕبووبونی هەندێ زانیاری و ڕاوەستان و نەهێشتنی چوونە ژورەوەی هەندێ زانیاری تر، ئەوانە لە نێو بارودۆخی پەیوەندیە جەماوەرییەکاندا بریتین لە سەرنوسەرو سکرتێری سەرنوسەرو بەڕێوەبەری بەشەکان. (المحنە 2001، 221-222)

2- **مۆدێلی (وایت)ی بۆ دەرگاوان 1950 :** توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی (دیڤید مانج وایت) توێژینەوەیەکی لەسەر دەرگاوان و بژاردەکەرانی (انتقاء) هەواڵ بڵاوکردەوە ، و ئەم توێژینەوە پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆئەوەی توێژینەوە لەم بوارەدا بکرێت، لەم توێژینەوەیەدا مۆدێلێکی پەیوەندیکردنی خستۆتەڕوو کە تیایدا ڕۆڵ و کاری دەرگاوان ڕوون دەکاتەوە، ئەم توێژەرە پێشەنگ بووە لە ئەنجام دانی توێژینەوە لەسەر چەمکی دەرگاوان لە ڕۆژنامەوانی و ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن، لە توێژینەوەکەیدا گرنگی بە بواری سەرنوسەران داوە لە شێوازی هەڵبژاردنی هەواڵەکان. (رشتی، 1978، 274).

3- **مۆدیلی ویستلی و ماکلین 1957 :** ویستلیی و ماکلین مۆدێلێکیان بۆ پەیوەندیە جەماوەریەکانیان پێشکەش کردووە ، لەم مۆدێلەدا زیاتر سەرنجیان لەسەر ڕۆڵی بژاردەکەر(المغربل) چڕکردۆتەوە لە پرۆسەی پەیوەندی کردنەکەدا، ئەم دیدگایە زیاتر گشتگیر و تەواوە بۆ تێگەیشتن لە میکانزمی کارکردنی (دەرگاوان) لە هەڵبژاردنی ئەو زانیاریانەی کە خواست و پێداویستی وەرگر پڕ دەکاتەوە ، بە پێی ئەم مۆدێلە وەرگر کاتی بەرکەوتەی لەگەڵ ئەم زانیاری و هەواڵەکان دەبێت بۆ پڕکردنەوەی خواستەکانی لەوەرگرتنی زانیاری وە لە هەمانکاتدا بۆ زیادکردنی درك پێکردنیان بۆ ئەو هەواڵ و زانیارییانە، لە هەموو ئاستێك لە ئاستەکانی پەیوەندی کردندا ڕێگە دراوە بە بوونی ڕۆڵی نێوەندگیر لە پرۆسەی پەیوەندی کرنەکەدا، و زانیاریەکان بەشێوەك لە شێوەکان دەگوازنەوە بۆ تاك. (عبداللە، 2006، 158)، بەپێی ئەم مۆدێلە کاتێ تاك بەرکەوتەی دەبێت لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی لە ژینگەی دەوروبەری هەیە وەك ئاگادارکەرەوەیەك وایە بۆتاك داوای وەڵامدانەوەی لێدەکات لەسەر ئاستێك لە ئاستەکانی پەیوەندی کردن، وئەم تاکە بەپێی ئەم مۆدێلە دەکرێت کەسێکی ئاسایی بێت یان پەیامنێرێکی دەزگایەکی ڕاگەیاندن بێ بەڵام پێویستی بە زانیاریە بۆ ئەوەی درکپێکردنی بۆ ڕووداوەکانی دەوروبەری زیاتر بێت. (عبداللە، 2006، 159)

4- **مۆدێلی مولس (MOLES) ی ڕۆشنبیری:** بیرۆکەی أ. مولس (A.MOLES) پێشنیارێکی تایبەت و بیرۆکەیەکی تازە بوو، پەیوەندی نێوان ئامڕازەکانی گەیاندن و کۆمەڵگە، مولس پێیوایە ئامڕازەکانی پەیوەندیکردن وەرچەرخانێکیان بەڕۆشنبیری داوە و ناویان لێ ناوە ڕۆشنبریەکان ئەم ڕۆشنبیریانە بریتیە لە بیرۆکەی تازە کە کەلەناو بازنەیەکی وێنەیدا نمایشکراوە کە بزوینەرە سەرەکیەکەی ئامڕازەکانی گەیاندنە، لەگەڵ ئەوەی ئەم وێنەیە بریتیە لە بازنەیەکی داخراو و خاڵی سەرەتا بوونی نییە تیایدا، یاخود لەڕاستیدا بەستراوەتەوە بە بوونی داهێنەرەکانەوە لە زانایان و ئەدیبان و هونەرمەندان... هتد، بەپێی بۆچوونی مولس ئامڕازەکانی گەیاندن ڕۆڵیکی گەورە دەگێڕن لە گواستنەوەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری نوێدا .(دلیو، 2003، 39-40)

5- **مۆدێلی ماڵتیزك 1963 (Maletzkes Model ):** توێژەری ئەڵمانی (ماڵتیزك) مۆدێلێکی پەیوەندی جەماوەری پێشکەش کردوەو، بەو پێیەی پەیوەندی جەماوەری پرۆسەیەکی دەروونی ئاڵۆزە پێویستی بە کۆمەڵێك فاکتەر هەیە بۆ لێ تێگەیشتنی .

گەڕانەوەی جۆرێك فشار لە لایەن ئامڕازەکەو دیدگای وەرگر بۆ ئامڕازەکە دەکەوێتە نێوان ڕەگەزی ئامڕاز و وەرگرەوە، هەروەها زیاد کردنی جۆرێك لە فشار کە لە لایەن پەیامەکە و ئامڕازەکەوە دەردەچێت، کاریگەری لەسەر بنێر دروست دەکات لەناو مۆدیلەکەدا .

لە لایەکی ترەوە مالتیزك گرنگی بە چەندین فاکتەری دەرونی و کۆمەڵایەتی داوە کاریگەریان هەیە لەسەر بنێر، بۆ نمونە دیدگایی بنێرو وەرگر هەروەها ئەو گروپانەی کەبنێرو وەرگر ئینتیمایان بۆیان هەیە. (الهاشمی، 2004، 74 -75).

**6- مۆدێلی ویلبر شرام 1954 :** ((ویلبر شرام ئەم مۆدێلەی لە ساڵی (1954) پێشکەش کردووە وە لە ساڵی (1971) پەرەی پێداوە)) (شرف، 2003، 83 ). لەم مۆدێلەی شرام بۆ پەیوەندیە جەماوەریەکان جەخت لەسەر گرنگی ئەزمونی هاوبەشی نێوان دولایەن دەکاتەوە ئەوانیش (بنێرو وەرگرە)، زۆر پشت نابەستێ بە ڕوونی زمانی پەیامەکەو و هیماکانی بەڵکو جەخت لەسەر پێویستی:

1- بونی هێڵێکی هاوبەش لە نێوان (بنێرو وەرگر) بۆ تێگەیشتن لەمانای هێماکان.

2- ئەزمونی هاوبەش لە نێوان (بنێرو وەرگر) کەلە چواچێوەیەکی هێماییدا خۆی دەنوێنێت

3- ئەزمونی کەڵەکەبوی هەردولا (بنێرو وەرگر) .(کافی، 2015، 195-196)

**3- لایەنی مەیدانی**

**باسی یەکەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوە**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەی زانستی، ئامانج و گرنگیەکەی لەوە دایە، توێژەر بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی ڕێکارەکانی توێژینەوەی زانستییەوە پابەند دەبێت پێیەوەی.

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** زانایانو توێژەران لەسەر پێناسەو ناساندنێکی دیاریکراو بۆ میتۆدی توێژینەوە کۆك نینو چەندین پێناسەی جیاجیایان بۆ ئەو چەمکە خستووەتەڕوو.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژێنەوەیەو گەیشتن بەئەنجامێکی دروستو خوازراو، توێژەر، یەکێك لە میتۆدە زانستیەکانی بەکارهێناوە وئەویش (میتۆدی وەسفی و ڕێبازی ڕووپێوی تایبەت)ە ، و میتۆدی وەسفی دیارترین ڕێبازی لێکۆڵینەوەی زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتیەکانە، بە تایبەتیش لەبواری پەروەردەو سایکۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا بەرفراوانترین میتۆدە، تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەسەر دیاردەیەك کە لە ئێستای ژیانی تاك و گروپ و کۆمەڵگەدا بوونی هەبێت و لە ئارادا بێت و هەنوکەیی و بەرقەرار بێت، بەو ئامانجەی دیاری بکات و لایەنەکانی بدۆزێتەوە، پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی دەربخات یاخود پەیوەندی دیاردەکە بەدیاردەکانی ترەوە سنورەکانی ئەم میتۆدە تەنها لە وەسفکردندا ڕاناوەستێت بەڵکو شیکارو لێکدانەوەو بەراورد و هەڵسەنگاندنیشی بۆ دەکات لەوەش زیاتر هەر بە ئێستاوە ڕاناوەستیت، لەهەولّی ئەوەدایە پێشبینی بۆ ئاینده بکات)

**دووەم: ڕێبازی توێژینەوەکە:** دیاریکردنی ڕێبازی توێژینەوە لە سۆنگەی جۆری کێشەی توێژینەوەکەوە، و بتوانێت گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە بەرجەستە بکات، یەکێکی ترە لە بنەما زانستیەکانی هەر توێژینەوەیەك. بۆ ئەم توێژینەوەیە، ڕێبازی (ڕووپێوی تایبەت) ی بەکار هێناوە ،کە تایبەتە بە بوارێکەوە واتە تەنها بۆ یەك بوارو لایەن دەکرێت وەك خویندەواری و تەندروستی و ئابوری و... هتد ) و لە ڕێگەی فۆرمی ڕاپرسیەوە بەکارهاتووە کە گۆڕاوە سەرەکی و لاوەکیەکانی، بەمەبەستی دەستڕاگەیشتن بە داتاو زانیاری ورد لە خۆگرتووە، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی شیکردنەوەیانەوە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکە جێبەجێ بکات.

**سێهەم: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوە:** توێژەر بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەشێوەی نمونەی مەبەستدار هەڵبژاردووە ((لە نمونەی مەبەستداردا توێژەر تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بەشێوەیەکی مەبەستدار هەڵدەبژێرێت وبەپێی ئەو سیفاتو تایبەتمەندیەی کە لەتاکەکانی ئەوکۆمەڵگەیەدا بەدی دەکرێت و دەتوانێت ئامانجی توێژینەوەکە بهێنیتە دی، و زیاتر ئەم جۆرە نمونەیە ئەو کۆمەڵگەی توێژینەوە دەگرێتەوە کە ژمارەی کۆمەڵگەکەی کەم ودیاری کراوە)) (المشهدانی، 2017 ، 80) ، بۆ ئەو مەبەستە توێژەر ناچار بووە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بەم جۆرە نمونەیە دیاری بکات، ئەویش لەبەر کەمی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانەی بەشێوەیەکی ڕێکو پێك و بەردەوام کار دەکەن و ڕۆژنامەکانیان بەردەوامە لە کاری ڕۆژنامەوانی بی پچڕان تەنها هەندێ کاتی کەم و دیاری کراو وەستاون لە کارکردن ئەویش بەهوی بارو دۆخی سیاسی یەوە بووە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتیە لە دەزگای ڕۆژنامەوانی (کوردستانی نوێ، خەبات) ژمارەی ڕۆژنامەوانەکانیان (87) ڕۆژنامەوانە وەك دوو دەزگای ڕۆژنامەوانی حزبی، دەزگای ڕۆژنامەوانی (هاوڵاتی، هەولێر، ئاوینە، ستاندەر، ئەڤرۆ) ژمارەی رۆژنامەوانەکانیان (54) ڕۆژنامەوانە وەك دەزگای ڕۆژنامەوانی ئەهلی و ئازاد، کۆی گشتی هەموو کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (141) ڕۆژنامەوانە .

**چوارەم: نمونەی تۆێژینەوەکە :** توێژەر بۆ نمونەی تۆێژینەوەکەی، نمونەی (حصر الشامل) کۆگیر بەکار هێناوە، گەمارۆی گشتگیر بەواتایی وەرگرتنی هەمو ئەندامانی کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە، و لەناو کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە نمونە وەرناگیرێت، وداتاو زانیاری لە هەمو ئەندامانی کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە وەردەگیرێت) ( أسلوب العينات و اسلوب الحصر الشامل، ووتار، 2022، پێگەی نجوی)هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە نمونەی تۆێژینەوە لەلایەن تۆێژەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەمی ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکە لەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانەدا کە توێژەر کردویەتە کۆمەڵگەی تۆێژینەوەکەی ژمارەیان (141) ڕۆژنامەوانە.

**خشتەی (1) تایبەت بە کۆمەلگەو نمونەی توێژینەوەکە.**

| ڕۆژنامە | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|
| کوردستانی نوێ | 40 | 28.36 | 141 | %100 |
| خەبات | 47 | 33.33 | | |
| هاوڵاتی | 15 | 10.63 | | |
| هەولێر | 17 | 10.05 | | |
| ئەڤرۆ | 9 | 6.38 | | |
| ئاوێنە | 3 | 2.12 | | |
| ستاندەر | 10 | 7.09 | | |

**چوارەم: سنورەکانی توێژینەوە**

سنوری توێژینەوەکە، بریتیە لە-:

سنوری شوێنی: کۆمەڵگەو نمونەی توێژینەوەکە، لە چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانە.

سنوری مرۆیی: لەم بوارەی توێژینەوەکەدا، (141) فۆرم بەسەر ئەو ڕۆژنامەوانانەدا دابەش کراوە کە لەناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەنمونە وەرگیراون، کە بریتییە لەوەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ڕۆژنامەوانی کە بریتین لە ڕۆژنامەوانان لەچوار پارێزگای هەرێمی کوردستان.

سنوری کاتی: لەم توێژینەوەیەدا، بواری کات زۆر بە هەند وەرگیراوە، کە بریتییە لە (25/ 5 /2022 تا 25/ 12 / 2022).

**پێنجەم: ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری تۆێژینەوەکە**

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتاو زانیاری تۆێژینەوەکە بریتیە لە:

1- **چاوپێکەوتنی کەسی:** ئەم جۆرە لە چاوپێکەوتن لەلایەن توێژەرەوە ئەنجام دەدرێت لەگەڵ کەسێك پەیوەندیدارە بە کێشەی تۆێژینەوەکەوە، وتوێژەر کۆمەڵێك داتاو زانیاری لەڕێگەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەو کەسە ئەنجام دەدات بە ئامانجی دەستخستنی داتاو زانیاری کە خزمەت بە ئامانجی تۆێژینەوەکە دەکات) ، ئەو کەسە بریتیە لە بەپرسی دەزگا ڕۆژنامەوانیەکانی بونەتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

**2- فۆرمی ڕاپرسی (الاستبیان):** فۆرمی ڕاپرسی کەرەسەیەکی دیکەی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریی توێژینەوەکەیە ، و گوزارشت لەکۆمەڵێك پرسیاری جۆراوجۆرو پەیوەست بەیەکترو ئامانجەکانی توێژینەوەکە دەهێنێتەدی، ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی بابەتی توێژینەوەکەو ئەو کێشەیەی هەڵبیژاردووە. ئەو فۆڕمەش بەڕێگای ڕاستەوخۆ، یان پۆستی ئاسایی، یاخود پۆستی ئەلیکترۆنی، یان هەر ڕێگەیەکی دیکەوە دەدرێت بە کۆمەڵگەی توێژینەوە . (الزیباری: 2011، ١٣١)

**3- پێوەری ڕاستی فۆڕمی توێژینەوە :** لە گرنگترین ئەو کارانەیە کە توێژەر لە کاتی گەشەسەندن یان هەڵبژاردنی ئامراز یان ئامرازی توێژینەوەکەی بایەخی پێدەدات ئەوەیە، کە تا چەند ئەو ئامرازانە ڕاستن، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە زانیاری و داتای گونجاو بە دەستبهێنن، ویارمەتی توێژینەوە کە بدات، ئەمەش نایەتەدی تا ئامرازی توێژینەوەی ڕاست بەکارنەهێنێت. (المنيزل و العتوم، 2010، 152).

دەکرێت ژمارەی ڕاستی هەڵسەنگاندنەکە بدرێتە دەست ژمارەیەك (شارەزاو پسپۆڕان)ی ئەو بوارەی کە پێوانەی هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، ئەگەر شارەزایان گوتیان ئەمر هەڵسەنگاندنە رەفتاری پێ پێوانە دەکرێت، ئەوا توێژەر دەتوانێت پشت بە بڕیاری شارەزایان ببەستێت. توێژەر بۆ دەرهێنانی پێوەری ڕاستی پشتی بە (5) پسۆڕی ئەکادیمی لە پسپۆڕییەکانی (ڕاگەیاندن ) بەستووە، دوای هەڵسەندگاندنی پسپۆڕان و ئەنجامدانی کاری ژمێریاری بۆ فۆڕمەکان دەرکەوت، کە ڕێژەی سەدی ڕاستی ڕواڵەتی بریتییە لە (92.6%)، کە لەڕاستیدا ئەمە ڕێژەیەکی بەرزی ڕاستەقینەی ڕاستییە بۆ پێوەرەکە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر تاکی توێژینەوەکە.

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (الثبات)ی لە ڕێگەی کاتەوە، بەشێوازی دووبارەکردنەوەو بەپشتبەستن بە هاوکێشەی (هۆڵستی)، توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ڕێژەکەی بریتییە لە (0.93)، و لەڕووی ئامارییەوە پەیوەستێکی پەسەندکراوە.

**باسی سێیەمر: شیکاری خشتەکان.**

**خشتەی (2) تایبەتمەندییەکانی نمونەی توێژینەوەکە.**

| گۆڕاو | ڕەگەز | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 101 | 71.6 | 141 | %100 |
| | مێ | 40 | 28.4 | | |
| گۆڕاو | تەمەن | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| تەمەن | 27-18 | 37 | 26.2 | 141 | %100 |
| | 37-28 | 52 | 36.9 | | |
| | 47-38 | 34 | 24.1 | | |
| | 55-48 | 12 | 8.5 | | |
| | 56-سەروتر | 6 | 4.3 | | |
| گۆڕاو | بڕوانامە | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| بڕوانامە | بنەڕەتی | 5 | 3.5 | 141 | %100 |
| | ئامادەیی | 30 | 21.3 | | |
| | دبلۆمر | 40 | 28.4 | | |
| | بەکالۆریۆس | 64 | 45.4 | | |
| | ماستەرو دکتۆرا | 2 | 1.4 | | |
| گۆڕاو | ناونیشانی ڕۆژنامەوانی | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| ناونیشانی ڕۆژنامەوانی | سەرۆکی سازاندنی ڕۆژنامەوانی (رئيس تحرير الصحفي) | 7 | 5.0 | 141 | %100 |
| | جێگری سکرتیری سازاندنی ڕۆژنامەوانی | 7 | 5.0 | | |
| | بەڕیوەبەری نوسین | 7 | 5.0 | | |
| | بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژنامەوانی | 12 | 8.5 | | |
| | سەرۆك بەش | 12 | 8.5 | | |
| | سازینەری ڕۆژنامەوانی (محرر الصحفي) | 32 | 22.7 | | |
| | وێنەگری ڕۆژنامەوانی | 24 | 17.0 | | |
| | گۆێگری ڕۆژنامەوانی (صحفي المنصت) | 8 | 5.7 | | |
| | ڕۆژنامەوانی وەرگێڕ | 14 | 9.9 | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | پەیامنێری ڕۆژنامەوانی | 10 | 7.1 | | |
| | نێردەی ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی (مراسل الصحفی الداخلی) | 2 | 1.4 | | |
| | نێردەی ڕۆژنامەوانی دەرەکی | 2 | 1.4 | | |
| | دیزاینەری ڕۆژنامەوانی | 4 | 2.8 | | |
| گۆڕاو | شوێنی نیشتەجێبوون | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| شوێنی نیشتەجێ بوون | ناوشار | 121 | 85.8 | 141 | %100 |
| | قەزا | 18 | 12.8 | | |
| | ناحیە | 2 | 1.4 | | |
| | گوند | - | - | | |
| گۆڕاو | شێوازی کارکردن | ژمارە | % | کۆی گشتی | % |
| شێوازی کارکردن | میلاکی هەمیشەیی | 61 | 43.3 | 141 | %100 |
| | گرێبەست | 61 | 43.3 | | |
| | پارچە | 11 | 7.8 | | |
| | پاداشت | 8 | 5.7 | | |

خشتەی (2) تایبەتە بە تایبەتمەندیەکانی نمونەی توێژینەوەکە، سەبارەت بە گۆڕاوی ڕەگەز، توێژەر (2) هەڵبژاردەی داناوە ،کۆی گۆڕاوی ڕەگەزی نێر (101) ڕۆژنامەوانە ، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 71.6 . هەروەها کۆی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ (40) ڕۆژنامەوانە ، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 28.4 . بەپێی پلەبەندی خشتە ئاماریەکە، ڕۆژنامەوانی ڕەگەزی نێر زۆرترینە و لە پلەی یەکەمدایە و ڕێژەکەیان بریتیە لە 71.6، ڕۆژنامەوانی ڕەگەزی مێ بەپلەی دووەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە 28.4. سەبارەت بە گۆڕاوی تەمەنی ڕۆژنامەوانانی نمونەی توێژنەوەکە توێژەر (5) هەڵبژاردەی جیاوازی داناوە، تەمەنی (37) ڕۆژنامەوان (27-18) ساڵە، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، و ڕێژەکەیان بریتیە لە 26.2 .

هەر سەبارەت بە گۆڕاوی تەمەن ، تەمەنی (52) ڕۆژنامەوان (28-37) ساڵە، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، وڕێژەکەیان بریتیە لە 36.9، تەمەنی (34) ڕۆژنامەوان (38-47) ساڵە، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، وڕێژەکەیان بریتیە لە 24.1 .تەمەنی ( 12) ڕۆژنامەوان (48 -55) ساڵە، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، وڕێژەکەیان بریتیە لە 8.5 ، هەروەها تەمەنی(6) ڕۆژنامەوان (56) ساڵ سەروترە، لە کۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، وڕێژەکەیان بریتیە لە 4.3 .

بەپێی پلەبەندی خشتە ئاماریەکە، تەمەنی( 28- 37) ساڵ ولە پلەی یەکەمدایەو ڕێژەکەیان 36.9، وتەمەنی( 18- 27 ) ساڵ لە پلەی دووەمدایە وڕێژەکەیان 26.2، وتەمەنی ( 38- 47 ) ساڵ لەپلەی سێهەمدایەو ڕێژەکەیان بریتیە لە 24.1، تەمەنی ( 48-55 )ساڵ لە پلەی چوارەمدایەو ڕێژەکەیان بریتیە لە 8.5، تەمەنی (56) ساڵ سەروتر لە پلەی پێنجەمدایە وڕێژەکەیان بریتیە لە 4.3 .

سەبارەت بە گۆڕاوی ئاستی زانستی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر (5) هەڵبژاردەی داناوە، بڕوانەمەی بنەڕەتی (5) ڕۆژنامەوان هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتین لەکۆی گشتی (141) ڕۆژنامەوان و ڕیژەکەیان بریتیە لە 3.5 ، هەروەها بڕوانەمەی ئامادەیی (30) ڕۆژنامەوان هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتین لەکۆی گشتی (141) ڕۆژنامەوان و ڕیژەکەیان بریتیە لە 21.3، بەڵام بڕوانامەی دبلۆم (40) ڕۆژنامەوان هەڵگری بڕوانەی دبلۆمن لەکۆی گشتی (141) ڕۆژنامەوان وڕیژەکەیان بریتیە لە 28.4. هەروەها بڕوانامەی بکالۆریۆس (64) ڕۆژنامەوان هەڵگری بڕوانامەی بکالۆرێوسن لەکۆی گشتی (141) ڕۆژنامەوان وڕیژەکەیان بریتیە لە 45.4. هەروەها بڕوانامەی ماستەرو دکتورا (2) ڕۆژنامەوان هەڵگری بڕوانامەی بنەڕەتین لەکۆی گشتی (141) ڕۆژنامەوان وڕیژەکەیان بریتیە لە 1.4 .

هەروەها سەبارەت بە گۆڕاوی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی نمونەی توێژینەوەکە، توێژەر (13) هەڵبژاردەی ناونیشانی ڕۆژنامەوانی داناوە، (سەرۆکی سازاندنی ڕۆژنامەوانی) (7) ڕۆژنامەوان هەڵیان بژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 5.0، (جێگری سکرتیری سازاندنی ڕۆژنامەوانی) (7) ڕۆژنامەوان هەڵیان بژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان وڕێژەکەیان بریتیە

لە 5.0،  (بەڕێوەبەری نوسین) (7) ڕۆژنامەوان هەڵیان بژاردووە، لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 5.0، (بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژنامەوانی) (12) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 8.5، (سەرۆکی بەش) (12) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 8.5،  (سازینەری ڕۆژنامەوانی  - المحرر الصحفی) (32) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 22.7، (وێنەگری ڕۆژنامەوانی) (24) ڕۆژنامەوان هەڵیان بژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 17.0، (گوێگری ڕۆژنامەوانی - الصحفی المنصت) (8) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەییان بریتیە لە 5.7، (ڕۆژنامەوانی وەرگێڕ) (14) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 9.9، (پەیامنێری ڕۆژنامەوانی) (10) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 7.1، (نێردەی ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی - مراسل الصحفی الداخلی) (2) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان، ڕێژەکەیان بریتیە لە 1.4، (نێردەی ڕۆژنامەوانی دەرەکی) (2) ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان وڕێژەکەیان بریتیە لە 1.4، (دیزاینەری ڕۆژنامەوانی) 4 ڕۆژنامەوان هەڵیانبژاردووە لەکۆی گشتی 141 ڕۆژنامەوان و ڕێژەکەیان بریتیە لە 2.8 .

بەپێی پلە بەندی خشتە ئامارییەکەی سەبارەت بە ناونیشانی ڕۆژنامەوانی ئەو دەزگا ڕۆژنامەوانیانەی بونەتە نمونەی توێژینەوەکە، بەرزترین ڕێژە (سازینەری ڕۆژنامەوانی) یە بە پلەی یەکەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە  22.7، (وینەگری ڕۆژنامەوانی) بەپلەی دووەم دێت  وڕێژەکەیان بریتیە لە  17.0، (ڕۆژنامەوانانی وەرگێڕ)  بە پلەی سێهەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە 9.9، (بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژنامەوانی و سەرۆکی بەش) بە پلەی چوارەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە 8.5 ، (پەیامنێری ڕۆژنامەوانی) بە پلەی پێنجەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە  7.1، (سەرۆکی سازاندنی ڕۆژنامەوانی - رئیس التحریر الصحفی) و (جێگری سکرتێری سازاندنی ڕۆژنامەوانی و بەرێوەبەری نوسین) بە پلەی شەشەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە 5.0، (دیزاینەری ڕۆژنامەوانی) بە پلەی حەوتەم دێت و ڕێژەکەیان بریتیە لە 2.8، (نێردەی ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی و درەکی) بە پلەی هەشتەم دێت  وڕێژەکەیان بریتیە لە  1.4.

